ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

شکردنەوەی Focus MP3 Recorder.

نووسەر: :@

Focus MP3 Recorder چیە؟
پرۆگرامێکی دەنگ تۆمارکردنە، لەگەڵ هەندێک تایبەتمەندی دیکە و جوان کە لەزۆربەی پرۆگرامەکانی دیکەی هاوکاری دا نیە.
Focus MP3 Recorder دەتوانی بە فۆرماتەکانی WAV,MP3,WMA,OGG دەنگ تۆماربکات و پاشانیش پاشەکەوتی بکات.
هەروەها دەتوانێ پەڕگەکان بەو فۆرماتە ناوبراوانە لە نێوان خۆیاندا بگۆڕیتەوە تەنیا بە یەک کرتە. بەشێکی تایبەتی هەیە بۆ لێدانی پەڕگەکانی دەنگ لە Player ێکی تایبەت بە پرۆگرامەکە.
بۆ داگرتنی Focus MP3 Recorder بەتەواوی ئێرە کرتە بکە.
پاش داگرتن و دامەزراندن بیکەوە.
بۆ ئەوەی بە تەواوی کار بکات، ئەبێ زانیاری تۆمارکردنی پێبدرێت.
برۆ بۆ Help پاشان Registration.
ناو: Team DiB
کۆد: F00F4830A51E4B21
شێوەی سەرەکی پرۆگرامەکە بەم شێوەیە دەبێت.




1> دەستپێکردنی تۆمارکردن.
2> وەستاندنی تۆمارکردن.
3> ڕاگرتنی تۆمارکردن.
4> لێدان یان کردنەوەی پەڕگەی تۆمارکراو.
5> پاشەکەوت کردنی پەڕگەی تۆمارکراو لەگەڵ پۆستی ئەلەکترۆنی.
6> کردنەوەی ئەو بوخچەیەی کە پەڕگە تۆمارکراوەکانی تێ دەچێت.
7> کردنەوەی Player یان پەڕگە خوێنەری پرۆگرامەکە.
8> هەڵبژاردنەکانی پرۆگرام.
9> یارمەتی.
10> سەربارەت بە پرۆگرام.

پێش هەنگاوی دیکە پێم باشە کە شێوەی پاشەکەوتکردنی پەرگە تۆمارکراوەکان ڕێبخرێت. بۆ ئەو مەبەستەش کرتە بکە سەر Optons واتە ژمارە 8 لە وێنەی سەرەوە.




لە ژێر سەردێڕی Save & Name دا و پاشان Record ئەم خاڵانە بەپێی پێداویستی خۆت ڕێکبخە.
12> ئەو شوێنەی کە پەرگە تۆمارکراوەکانی تێدەچێت.
13> ناوی پەرگەی تۆمارکراو، واتە پرۆگرامەکە بە شێوەیەکی خۆکار ئەو ناوی دا بنێ بۆ ئەو پەرگانەی کە تۆماریان دەکات و هەر پەرگەیەک بە ژمارەیەکی نوێ لەگەڵ ناوی هەڵبژێردراو دا تۆمار دەکات.
14> بەدانانی ناوێکی نوێ پەرگەی تۆمارکراوی نوێ پەشەکەت بکرێت.
15> یان بەهەمان ناوی پێشتر و لەشوێن پەرگەی پێشتر تۆمارکراو دا پاشەکەوت بکرێت. لەم کا تەدا پەرگەی پێشتر پا شەکەوتکراو نامێنێت و نوێتر دەچێتە شوێنی.
16> جێگیکردنی گۆڕانکاریەکان.
17> گەڕانەوە بۆ ڕێکخستنە ئاساییەکانی پرۆگرامەکە.
18> وازلێهێنان بەبێ پاشەکەوتکردن یان گەڕانەوەی ڕێکخستنەکان.
هەروەها دەتوانرێ ڕێکخستنەکانی پەرگە گۆڕاوەکان لە فۆرماتێکەوە بۆ فۆرماتێکی دی، لەژێر سەردێڕی Convert دا ڕێک بخرێت.
پرۆگرامەکە لە کاتی تۆمارکردندا.




19> سەرچاوەی ئەو دەنگەی کە تۆمار دەکرێت، بۆ نموونە، دەنگی کراوە لە سەر کۆمپیوتەر، یان لە مایکرۆفۆنەوە و هتد ... لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەو فۆرماتەی کە پەڕگەکەی پێ پاشەکەوت بکرێت. بۆ نموونە گەر ئەو پەڕگەیە بۆ مەبەستی سووتاندن لەسەر سیدی تۆماردەکرێت، چاکتر وایە کە بە فۆرماتی WAV بێت، هەر بۆ مەبەستی هەبوونیەتی لە نێو کۆمپیوتەر دەتوانرێ MP3 هەڵبژێردرێت، چوونکە قەبارەی MP3 زۆر لە WAV بچووکترە.

20> کەم و زۆری دەنگ.

21> ئەو فۆرماتەی کە پەڕگەکەی پێ پاشەکەوت کراوە.

22> کاتی تۆمارکردن.

23> ئاست.

24> کاتی تۆمارکراو.

25> قەبارە.

شیکردنەوەی Player ی Focus MP3 Recorder.




<27 تایبەتمەندی و کاریگەری دانان لە سەر دەنگ.
<28 هەڵبژاردنی ئەو بوخچەیەی کە پەرگەی دەنگی تێدایە و پاشتر کردنەوەیان.
<29 هەڵبژاردنی شێوەیکی گرافیکی بۆ کارکردنی لەگەڵ لێدانی پەرگەیەک.
بۆ گۆڕینەوەی پەرگەکان لە فۆرماتێکەوە بۆ فۆرماتێکی دی لە نێوان ئەو چوار فۆرما تەی کە پرۆگرامەکە پاڵپشتی دەکات، بەلای ڕاستی مشکی کۆمپیوتەر کرتەیەک بکە سەر پەرگەی ویستراو بۆ گۆڕینەوە، پاشان فۆرماتی ویستراو کرتە بکە گە کە فۆرماتی پەرگەکەی بۆ بگۆڕدرێت.
شێوەی پەرگەی تۆمارکراو لە Focus MP3 Recorder.




کۆتایی.

Oct 2005 31

**Dentist in Poland**
Professional Dental Care in Poland Implants, Crowns, Bridges, Veneers

**Tighten Sagging Skin**
30 Minute Face Lift! No Wrinkles Or Slack Skin. Retain Youthful Skin

Ads by Google